# حەسەن زیرەک و ژاڵە .. یان فاتیمە زەرگەری ؟!

مەولود ئیبراهیم حەسەن /هەولێر – ٢٠٢٣/١/٢٠

پێشەکی ..

ماوەیەکی زۆرە لە نێو تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی کوردی فارسی و ترکی و ئازەری دا چیرۆکێک – کە بەڕای ئێمە هەڵبەستراوە ! – بۆ گۆرانیەکی بەناوبانگ و پڕ لە داهێنانی – هونەرمەندان حەسەن زیرەک و خانم ژاڵە – دروستکراوەو بڵاو بووەتەوە ، بەڕادەیەک بە شێوازی جیا جیا بە نووسین و بە کلیپ و کۆلاجی جیا جیا خەریکە لە هەموو گۆرانیەکانی تری زیرەک زیاتر بازاڕی پێ گەرم دەکرێت ! ئەو بەرێزانەی ئەم هەواڵە بە شێوازی جیا جیا بڵاو دەکەنەوە هێندە بە دڵگەرمیەوە باسی دەکەن ، وەک ئەوەی کە ئەم گۆرانیە و ئەم چیرۆکە !؟ هەموو توانای زیرەک بێت ؛ بەو هۆیەی کە لە گەڵ گۆرانیبێژی ئازەری فاتیمە زەرگەری گوتوویەتی ! وای دەخەنە بە ر چاوو واشێ لێک دەدرێتەوە !! کە ئەوەتە زیرەک توانیویەتی گۆرانی لە گەڵ خانم فاتیمە زەرگەریش بڵێت و ئەمەش گەورەیی زیرەک دەردەخات مادام لەگەڵ گۆرانیبێژێکی لە خۆی گەورەتری ئازەری وەک فاتیمە زەرگەری گۆرانی گوتووە !!؟ ئەوەش بڵێم ، هەموو ئەم کلیپ و هەواڵانەی کە بەردەوام بڵاو دەکرێنەوە ، تەنیا کوردانی هەواداری زیرەک بڵاوی دەکەنەوە !

**خەیاڵ بووەتە بەرچاو ..**

لە ڕاستی دا ئەم بەرێزانەی کە ئەم چیرۆکە بڵاو دەکەنەوەو ڤیدیۆو کلیپی بۆ دروست دەکەن و وێنەی زیرەک و فاتیمە زەرگەری پێکەوە کۆلاج دەکەن ، هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەکیان بەدەستەوە نیە کە ئەوە بسەلمێنێ کە ئەم چیرۆکە ڕاستەو ڕووی داوە ، ئەوەی هەیە خەیاڵەو کراوە بە بەرچاو !؟ بەڵام هێندە بڵاو بوەتەوە ، لای ئەو بەرێزانە چێرۆکە هەڵبەستراوەکە بووە بە ڕاستیەکی گومان هەڵنەگر !؟ بەڵی زیرەک گۆرانی ( گولدر مانی گولدر) ی لەگەڵ کچێکی دەنگخۆش و هونەرمەندێکی بزر گوتووە کە ناوی( ژاڵە) یەو کچێکی تورکمەنە ! بەڵام ، هێندە هیە کە ئەو کچە تورکمەنە ، فاتیمە زەرگەری نیە! کچێکی دەنگ خۆش و بەدبەختە ولە ماڵان کارەکەرە !! بەڵام، حەسەن زیرەک لە پاش ڕووداوێکی ناخۆش و ڕووشکاندنێکی دەروونی گەورەدا ، ئەو کچە دەدۆزێتەوەو لەگەڵیا ئەم گۆرانیە پڕ لە داهێنان و سەرکەوتنە پێکەوە تۆمار دەکەن و جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆیان لە نیو هەموو ئێران بەتایبەت لە نێو کوردەکان و ئازەرو تورکەکان پەیدادەکەن و تا ئێستاش گەرمی داهێنانی ئەو گۆرانیە سارد نە بووەتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ جوانترو زۆرترو باشتر بڵاو دەبێتەوە . کە ئەم گۆرانیە بووە هۆی بە هێزتر کردنی پەیوەندی نێوان خەڵکی کورد و تورک ، پەیوەندیەک بە هۆی هونەرەوە ، هەر ئەم ناوداریی و سەرکەوتنەی ئەم گۆرانیە شە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم چێرۆکەی بۆ هەڵبەسترێ و ناوی ( خاتوو ژاڵە ) ی هونەرمەند بەلا بندرێ و ناوی ( فاتیمە زەرگەری) جێگای بگرێتەوە، چۆن ئەو هونەرمەندە ، واتە فاتیمە زەرگەری وەک ( هونەرمەندیکی ناوداری

ڕادیۆی تەبرێز ) ناسراوە ، بەڵام ، خاتوو ژاڵەی دەنگ خۆش پاش ئەم گۆرانیەی کە لەگەڵ زیرەک گوتویەتی و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا ، دواتر ژاڵە خانم دەنگی نەماو چیتر بەرهەمی بڵاو نە بووەوە !

**گەرانی بێ دەسکەوت ..**

من ئەوە ساڵێک زیاترە ، لەوەتەی ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوەم کەوتووەتە بەرچاو بەدوای بەڵگەیەک دادەگەڕێم کە بیسەلمێنی ئەم چیرۆکە ڕاستە !! حەسەن زیرەک و فاتیمە زەرگەری پێکەوە گۆرانی گولدر مانی گولدریان گوتووە !! لە نێو سایت و ماڵپەڕە کوردی و ئیرانی وتورک و ئازەریەکان بە دوای وێنەیەکی پێکەوەیی زیرەک و فاتیمە دا دەگەڕێم ، بە دوای کورتە ڤیدیۆیەک .. هەواڵێکی ڕۆژنامەیی تۆمارێکی دەنگی ڕادیۆیی کە بیسەلمێنی کە ئەم دوانە زیرەک و فاتیمە زەرگەری ڕاستە پێکەوە گۆرانی گولدر مانی گولدریان بە دووان گوتووە !! تا ئێستا هیچ شتێکم لەوانە دەستنەکەوتووە ؛ کە وەک زیرەک خۆی لە کتێبەکەی میرزا کەریم خۆشناو دەڵێ : (ساڵێ ١٩٥٩ ئەم گۆرانیەمان تۆمارکرد! ) ساڵێ ١٩٥٩ شاری تەبرێز کە گوایە زیرەک و فاتیمە زەرگەری لەوشارە پێکەوە گۆرانیەکەیان تۆمار کردووە ، لە ئاهەنگێکی گەورە تایبەت بووە بە ئاهەنگی هونەرمەند فاتیمە زەرگەری ؛ ئەم ساڵەو ئەم ئاهەنگە لەم ساڵەدا نابێ دوور بووبێتن لە چاوی کامیراو ڕۆژنامەو وێنەگران بە تایبەت فاتیمە کە بە هونەرمەندی ڕادیۆی تەبرێز ناسراو بووە ، ناکرێ ئاهەنگێکی ئاوا بۆ هونەرمەندێکی وەک زەرگەری ؛ هیچ میدیایەک لەو ڕۆژەدا لەوێ نە بووبێت تا هەواڵێک ..وێنەیەک کورتە ڤیدیۆیەکی لێ بڵاو نە بووبێتەوە !! بە تایبەت کە گۆرانیەکە وەک زیرەک دەڵێ : زۆر سەرکەوتوو بووە و بووە بە گۆرانی ساڵ !؟

**بەڵگە بۆ خاتوو ژاڵە..**

ذواجار کە لەوە بیهیوابووم کە بەڵگەیەک لە پێکەوەیی زیرەک و فاتیمە زەرگەریم دەسکەوێ.. گەڕامەوە نێو لاپەڕەکانی کتێبی یەکەمی میرزا کەریم خۆشناو بەناوی (حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەر هاتەکانی ) و لە لاپەڕە (٧٥ تا ٨٣) دا بابەتێک بە ناوی ( زیرک و کچێکی دەنگ خۆش ) بڵاو کراوەتەوە ، لەم بەسەرهاتەی دا زیرەک باس لە چۆنیەتی تۆمار کردنی گۆرانی (بێ دکتۆر دەواو دەرمان - گولدر مانی گولدر.. دەردو نادر بلدر ) دەکات کە لەگەڵ کچێکی تورکمەن بە ناوی( ژاڵە ) پێکەوە گوتوویانە ، بەچاکی دەزانم ئەم بەڵگە گرنگە کە لەزاری زیرەکەوە میرزا کەریم دەیگێڕێتەوەو هیچ گومانێک هەڵناگرێ ! لێرە بەتەواوی بڵاو بکەمەوە و بیخەمە بەردەستی خوێندەواران و هەموو زیرەک دۆستان بۆ ئەوەی ئەو خانمە دەنگخۆش و هونەرمەندە بناسن کە بەدەنگی خۆی لە گەڵ زیرەک پێکەوە گۆرانی گولدر مانی گولدر یان تۆمار کردووە ، بۆ ئەوەی چێتر ناوبزر نەبێت و مافی نە خورێتن و خانم فاتیمە زەرگەریش بە خۆڕا نەبێتە خاوەنی ئەم گۆرانیە گرنگ و ناودارەی زیرەک و ژاڵە .

لە ڕاستی دا زیرەک هونەرمەندێکە هی ئەوە نیە لەگەڵ کەس بەراورد بکرێ ! زیرەک هەموو ژیانی گۆرانی و داهێنانە ، هەر گۆرانیەکی چیرۆکی خۆی هەیە ، باشترە ئەو بەڕێزانەی کە - چیرۆکیکی بێ بنەما – بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەک دروست دەکەن ، با بە دوای چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ژیان و هونەرو گۆرانیەکانی دا بگەڕێن ؛ هەر گۆرانیەکی زیرەک چیرۆکی خۆی هەیە ..چیرۆکی گرنگ و سەیر !

میرزا کەریم خۆشناو هاوڕێ و دڵسۆزی زیرەک ، کە چوار ساڵ ماڵ بە ماڵ و ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەڵ زیرەک ژیاوەو زۆرچیرۆکی لە زیرەک بیستووەو زۆریشی بە چاوی خۆی بینیوە و لە کتێبەکەی بە ناوی ( حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی ) لە دوو بەرگ دا تۆماری کردوون ، لە بەرگی یەکەم و لە لاپەڕە ( ٧٥ تا ٨٣) چیرۆکی گۆرانی ( گولدر مانی گولدر .. دەردو نادر بلدر) یان ( پێبکەنە با بتبێنم ..دەرچێ گیانی شیرینم ) یان ( بێ دکتۆر دەواو دەرمان ) کە ئەم گۆرانیە بەم سێ ناونیشانە ناسراوە، زیرەک خۆی چیرۆکی دروستبوونی ئەم گۆرانیەی بۆ میرزا کەریم خۆشناو گێڕاوەتەوەو میرزاش چێرۆکەکەی بە ناوی ( زیرەک و کچێکی دەنگ خۆش ) بڵاو کردووتەوە .

**

ئێستا فەرموون تەواوی بەسەرهاتەکە بخوێننەوەو خۆتان بڕیار بدەن و ئێمەش دواتر ئەم چێرۆکەو چیرۆکە دروستکراوەکە پێکەوە شیدەکەینەوە ..

### زیرەك و كچێكی دەنگ خۆش

لە ساڵی ١٩٥٩ کاتێ کە لە ئێستگە گۆرانیم ئەگوت، زۆرجار نامەم لە خانمێکی تەبرێزی یەوە بۆ ئەهات، باسی سووتان و کڕوزانەوەی ئەویندارى تیا ئەنوسی و داوای لێ ئەکردم کە بچم بۆلای و سەرێکی لێ بدەم و خۆمی نیشان بدەم و بەقسەی خۆش خۆش نامەکانی ئەڕازاندەوە.

هەڵبەت نامەی ترم بۆ ئەهات بەڵام هیچیان وەك نامەی ئەم خانمە نەبوو کە لە هەموو نامەیەك ئەدرەسی تەواوی خۆی تیا ئەنووسی و سوێندی ئەدام کە بچم و لە ماڵەوە سەرێکی لێ بدەم.

ڕۆژێك وا ڕێکەوت ڕێگام کەوتە ئەو شارەی خانمەکەی تیایە. دوای بەجێ گەیاندنی کارم بەبیرم کەوتەوە کە لەم شارە خانمێك بەردەوام نامەم بۆ ئەنووسێت و داوام لێ ئەکات کە سەری لێ بدەم، ئێستاش وا گەیشتوومەتە ئێرەو ئەدرەسەکەشم لایە، ئەی بۆ نەچم سەرێکی لێ نەدەم و نیوەڕۆیەکەشم لای ئەو نەخۆم؟ پشوێك بدەم و بشزانم ئەم خانمە چی لێم ئەوێت و چ کارێکی پێم هەیە!

دەستم خستە گیرفانم و ئەدرەسی خانمەکەم دەرهێناو هەندێك سەیرم کرد و لەدوایی دا تەکسیەکم ڕاگرت و سواربووم.

بە شۆفێرەکەم وت: کاکە بێ زەحمەت ئەم ئەدرەسە ئەزانی؟

لەم کاتەدا بەدەسمەوە بوو.. نیشانی کاکی شوفێرم دا، تەماشای کرد و وتی بەڵێ پێ ئەزانم.

ــ دەباشە کاکە بمگەیەنە ئەو شوێنە.

ــ بەسەرچاو.

ماشێنەکەی وەرسوڕاند و ڕووی کردە جادەیەك، پاش ماوەیەك ڕۆیشتن لای دایە جادەیەکی تر، هەندێك ڕۆیشت و لەبەر دەرگای ماڵێك ڕایگرت.. دەستی بۆ خانووەکە درێژ کرد و وتی:

برا ئەمەیە ئەدرەسەکەت.

منیش حەقەکەی خۆیم پێداو دابەزیم، کە سەیری خانووەکەم کرد کۆشکێکی دەوڵەمەندانەم هاتە بەرچاو، هەندێك لە دار و دیوار و دەرگاو پەنجەرەکەی ورد بوومەوە و لەدڵی خۆما ئەموت باشە بچم؟ نەچم؟

کەوتبوومە دوو دڵی.. کە بیرم کردەوە تازە تا ئێرە هاتوومە چۆن خۆم ئاشکرا نەکەم و ڕاست بگەڕێمەوە! پاشان غیرەتم هێنایە بەرخۆم و چوومە بەر دەرگاکە و دەستم برد و زەنگم لێ دا.. هەندێك گەڕامەوە دواوە، وەك بڵێیت مەترسیم هەبوو لەوەی کە سەربەخۆ بۆلای ئافرەتێکی نەدیتە و نەناس هاتووم، تۆزێك بەلامەوە سەیر بوو دڵیشم بە توندی لێی ئەدا.

دوای ماوەیەکی کورت ـ ئافرەتێکی جوان دەرگاکەی کردەوە.. کە تەماشای منی کرد وتم: ئەمەیە ماڵی فلان خانم؟

وتی: بەڵێ ئێرەیە.. بەڵام تۆ کێی؟

وتم: من حەسەن زیرەکم، هەر ئەم وشەی لێ بیستم یەکسەر ڕەنگی گۆڕا و کەوتە پەلە پەل و وتی: ئاغای زیرەك تو خودا ڕاوەستە تا موژدە بۆ خانم ئەبەم و موژدانەی لێ ئەسێنم، ئێستا بزانێ تەشریفت هێناوە بۆ ئێرە لە خۆشیان خەنی ئەبێ و موژدانەیەکی زۆر چاکم پێ ئەدا!

ئەمەی گوت و بەغاردان بۆ ژووری هەڵات، هەر لەڕێگا هاواری کرد: خانم خانم.. موژدانەم بەرێ حەسەن زیرەك هات..

ئا ئەمەی وت لە دەرگای حەوشە چوومە ژوورێ.. حەوشەکەی گەورەبوو.. چەمەن و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی تیابوو.. چواردەوریشی بەدارسێو و هەرمێ و هەڵووژە و داری تری سێبەری دەورەدرابوو هەموو داری ڕێك و جوان بوون.. دیمەنی حەوشەکەیان ڕازاندبۆوە.. بەناو حەوشەکەدا بەرەو ژووری ئەڕۆی چەند پلیکانەیەك سەر ئەکەوێ باڵکۆنێکە بەسەر حەوشەکەدا ئەڕوانێ.. لەم کاتەدا من لەژێر باڵکۆنەکە لەنێو حەوشەکە وێستابووم.

خانم بە غاردان هاتەدرە و وتی: کوا حەسەن زیرەك؟

کە تەماشام کرد چ ببینم.. سوبحانەڵلا (احسن الخالقین) لە دڵی خۆما گوتم:

خودایا.. ئەم ئافرەتەت چۆن وا بەجوانی و ڕێك و پێکی و بێ عەیبی دروست کردووە؟؟!! لەجوانی و ناسکی ئەم ئافرەتە بەڕاستی سەرم سوڕمابوو! خانم گەیشتە سەر باڵکۆن و تەماشایێکی منی کرد و گوتی:

کوا حەسەن زیرەك؟

وتم: من حەسەن زیرەکم خانم گیان!

خانم کە ئەمەی لەمن بیست وەك بڵێی جامێ ئاوی ساردت بەسەریا کردبێت.. سەری لێ شێوابوو.. شتی وای باوەڕ نەئەکرد کە حەسەن زیرەکی ناودار پیاوێکی ئاوا قەیرە و ڕەنگ پیاو بێت، بێگومانم لە دڵی خۆی وایزانیوە کە حەسەن زیرەك کوڕە لاوێکی زۆر جوان و ناسکە و جوانی یەکەی لە دەنگە خۆشەکەی دڵگیرترە. بەڵام لە خەوە خۆشەکەی داچڵەکی بەجوانی سەیری کردم و هەر لەبەر پێم تا تۆقی سەری ڕوانیم..

لە دوایە لە دەمی دەرچوو وتی: خۆزیا هەر لە دوورەوە دەنگم بیستبای ئاغای زیرەك!! وای ئەزانی گوێم لێ نەبوو.. منیش وەسەر خۆم نەهێنا..

بەڵام ئەم سەیرکردنە گاکڕی یە و ئەم قسە پڕ بە دڵی یە کۆشکی زێرینی خەیاڵاتیان ڕووخاندم.. دووبارە ئافرەتەکە لێی پرسیمەوە: تو خودا ئەتۆ حەسەن زیرەکی؟ چەندی کەیف پێ ئەهات بمگوتبا نەوەڵلا ئەو نیم، بەڵام ڕاستی یەکەم ناگۆڕم ـ ناچار وتم: بەڵێ خانم گیان من حەسەن زیرەکم! دەستم بۆ گیرفانم برد و نامەیەکیم دەرهێنا، دامە دەسی و وتم:

فەرموو ئەمەیش یەکێکە لە نامەکانت کە بۆت ناردووم داوات لێ کردووم کە بەپەلە بێم و سەرتان لێ بدەم! ئێستایش وا هاتوومەتە خزمەتت! خانم جوان سەیری نامەکەی کرد و دڵنیابوو کە دەسنوسی خۆیەتی، نامەکەی لول داو دایە دەس کارەکەرەکەی کە لایەوە وێسابوو بەدەمی بەخەندەوە سەیری منی ئەکرد، ئەوسا خانم دەسی بۆلام درێژ کرد و بەنادڵی وتی:

دە فەرموو کاك زیرەك وەرە سەرەوە هەندێك دانیشە!

بەڵام هەندە بە سارد و سڕی منی وەرگرتەوە کە زۆر دڵم بەخۆمەوە مایەوە. سەیری نامەکانم ئەکرد و سەیری بێ مەیلی خانمم ئەکرد سەرم سوڕ ئەما چونکە هیچی هیچەوە نەبوو... بە هەر حاڵ چوومە سەرەوە دەستم درێژکرد تۆقەی لەگەڵا بکەم زۆر بە نابەدڵی دەستی پێدام.. کە دەستم بۆ کارەکەرەکە درێژکرد تۆقە لەگەڵ ئەویشا بکەم هەند بە گەرمی دەستی درێژ کرد و دەستی گوشیم تۆڵەی خانمیشی بۆ کردمەوە.

لەسەر کورسییەك دانیشتم.. خانمیش لەبەرامبەرم دانیشت و وتی: ئاغای زیرەك ڕاستە من نامەم بۆ نوسیوی کە سەرم لێ بدەیت و چاوم پێت بکەوێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کارەکەرەم دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە و بە تورکی گۆرانی ئەڵێت جا گەر پێکەوە بەکوردی و تورکی گۆرانی تۆمار بکەن زۆر خۆش دەرئەچێت!

بەم قسەیە ئەیویست قسەکەی ترم لێ بشارێتەوە و وابزانم بەڕاستی بۆ ئەوەی بەشوێنا ناردووم کە گۆرانی لەگەڵ کارەکەرەکەی تۆمار بکەم بەڵام کاکە میرزا تۆ بڵێی ئەم قسەیە ڕاست بێت؟ بەڕاستی من باوەڕ ناکەم! بەڵام ناچاربووم گوێ لە هەر قسەیەکی بگرم کە ڕێکی ئەخات.

تەماشایەکی کارەکەرەکەم کرد، ئەویش سەیری کردم و پێکەنی بەڕاستی ئافرەتێکی جوان و ژیکەڵە و نەشمیلە و ئێسك سووك و خوێن شیرین بوو، خانم ڕووی کردە کارەکەرەکە و بەتورکی حاڵی کرد کە پێم گوتووە کە هەردووکتان پێکەوە گۆرانی تۆمار بکەن؟

منیش ڕووم کردە کارەکەرەکە و وتم:

ـ ناوت چیە؟

ـ ناوم (ژاڵە)یە.

ـ باشە تۆ گۆرانی ئەزانی؟

ـ لە ڕاستی دا من دەنگم خۆشە بەڵام تەنها ئەوەی کە لە گۆرانیبێژەکان گوێم لێ بووە فێری بوومە، وەکو ئەوانیش بەدەنگی خۆم زۆر بەخۆشی و بەڕێك و پێکی ئەتوانم بیڵێمەوە!

منیش شتەکەم بەڕاستی و بەجیددی وەرنەگرت بەڵام بۆئەوەی هەست بە شکستم نەکەن وتم: باشە بەیانی لە سەعاتی ١٠ی پێش نیوەڕۆ لە تۆمارگای (ئاواز) لە فلانە شەقام چاوەڕوانت ئەکەم.

ئەمەم وت و هەڵسامە پێ و وتم: بە یارمەتیتان من لە خزمەتتان مەرەخەس ئەبم.

ماڵاواییم خواست و دەستم درێژکرد و تۆقەم لەگەڵ کردن، ئەمجارەیان زۆر لە جاری پێشوو گەرم و گوڕتر و ڕووخۆشتربوون.

تا لەوێ نەڕۆیشتم و نەگەیشتمە سەر جادە هەستم بە دڵشکاوی خۆم نەکرد بەڵام هەر زۆر لە دڵی خۆم دەرهێنا.. چونکە زۆرم لەم جۆرە شتانە دیوە و لێی ڕاهاتووم. یەکسەر سواری تەکسی یەك بووم و چوومە بازاڕ. بەیانی سەعات ٩:٣٠ نۆ و نیو ڕووم کردە تۆمارگای (ئاواز)...

خاوەنەکەی دۆستێکی دێرینمە و خۆشەویستمە، کوڕێکی زۆر چاکە و هەر جارێ بۆ ئەم شارە بێم ئەبێ سەرێکیش لەم هاوڕێیەم بدەم.

کە گەیشتمە تۆمارگا.. لە دوورەوە کاك (فەرەیدوون) خاوەنی تۆمارگا چاوی بە من کەوت بەرەو پیرمەوە هات و باوەشی بۆ کردمەوە و یەکترمان ماچ کرد.

بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردم.. دوای ئەوەی ساردمان خواردەوە و هێندێ قسەمان کرد.. دەستی دایە (بولبون)ێك هێندێکی بۆ لێدام تا شتێکی بۆ بڵێم.. خەریك بووم گۆرانی یەکی بۆ بڵێم... کە چاوم بە (ژاڵە) کەوت بەرەو تۆمارگا ئەهات.

وتم: کاکە فەرەیدوون ئەم کچە بۆلای من دێت.. بە کورتی و بەپەلە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە وتم ئێستاش وا هاتووە گۆرانیم لەگەڵ تۆمار بکات. هاوڕێکەم سەری لەمە سوڕماو... کۆتاییمان بە قسە هێنا.. (ژاڵە) خانم هاتە ژوورێ.. بەڵام ژاڵە خانم چ ژاڵە خانم سەد ماشەڵڵا لە پەری دڵڕفێنتر... وا خۆی ڕازاندبۆوە نەك دڵێك سەد دڵی شەیدا ئەکرد..

خانم كه هاته پێشترێ بۆنی گوڵاوەكەی وەك بۆنی گوڵی بەهەشت ئەم ناوەی داگرتەوە و هەر زوو بەلووتما پژاو مێشك و دڵی كردمەوە.
لەبەری هەڵساینەوە بەرەو پیریەوە چووین تۆقەمان لەگەڵ كرد و دانیشت.. دوای هەندێك قسەی خۆش بە كاك فەرەیدوونم گوت: كاكە دە ئەتۆ دەنگی خانم تاقی بكەرەوە با هەندێك پراوە بكەین، هەڵبەت تۆمارگای ئاواز بۆ گۆرانی گوتن و مۆسیقا لێدان جێگای تایبەتی هەبوو.
كاك فەرەیدوون دەستی دا (بولبون)ەكە و بە ئارامی دەستی لێ ژەند.. بە هەوای (دەشت) پەنجەكانی لەسەر ژێ یەكە ئەهێناو ئەبرد.
سەیرێكی ژاڵەم كرد دیم لەخۆشیا سوور هەڵگەڕاوە و وەك كۆنە گۆرانی بێژێكی شارەزا بە مۆسیقا بۆ مۆسیقاكە سەری ڕائەهەژەند.
لە پڕ پەردەی شەرمی دڕی و دەستی خستە بنا گوێچكەی و یەك گۆرانی هەڵسا بەپێی ژەنینی مۆسیقاكە.. بەڕاسی كە ئەم دەنگە خۆشە و ئەم شێوە هەڵسانە و ئاوا لەگەڵ مۆسیقا ڕۆیشتنەم بینی سەرسام بووم و تا كۆتایی گۆرانی یەكەی هیچ دەنگم نەكرد، لەكاتی گۆرانی گوتنی دا من هەر سەیری دەم و جووڵە و بزووتنەوەیم ئەكرد.
پاشان چەپڵەمان بۆ لێدا و ئەویش سوپاسی كردین.
هەڵبەت بە توركی گۆرانی یەكەی وت، ئەمەش كەلیماتی گۆرانیەكەیە:
**(گول سەن)**
**(گول سەن.. گولار ئیچندە سەن.. گول سەن)**
**(خەختەن نە ئیشنوار سانو ئاغا زیرەك)**
**(بولبولاردن بولبول سەن)**
**دۆلاندی كەچ چەرخ گەردوون.. ئاغلمە گول سەن)**

واتاكەی:

گول سەن: دوو مانای هەیە یەكیان واتە تۆ پێبكەنە.. ئەوی تریان واتە تۆ گوڵی.
**(تۆ گوڵی .. لەناو گوڵاندا تۆ گوڵی)**
**(كارت نەبێ ئەتۆ بە خەڵكی كاك زیرەك)**
**(لەگەڵ بولبولانیش ئەتۆ بولبولی)**
**(ئەگەر بە پێچەوانەوە ڕەوڕەوەی گەردوون سوڕا)**
**(هیچ بۆی مەگری و پێ بكەنە)**

پاشان هەندێك پراوەمان كرد.. لە ئاوازێك ئەگەڕاین تا پێكەوە گۆرانی بڵێین، كاك فەرەیدوون چەند ئاوازێكی گۆڕی.. بەڵام هیچم بەدڵ نەبوو..
ئەوان هەر گۆرانی یان ئەگوت و ئاوازیان تازە ئەكردەوە.. منیش لە جیهانێكی تر لە ئاوازێكی دڵڕفێن ئەگەڕام... تا لە پڕ وتم:
(گولدر مانی گولدر.. دەردو نادر بلدر)
كردم بە كوردی: (پێ بكەنە با بتبینم.. دەرچێ گیانی شیرینم)
كاك فەرەیدوون كە ئەم چەند وشەی لەسەر ئەم ئاوازە بە كوردی و توركی لێ بیستم یەكسەر هاتە سەر ئەم ئاوازەم و زۆریش بەجوانی بۆ لێدام.
من بەتەنیا ئەم چەند وشەم ئەوت و ئەوتەوە بەڵكەم ژاڵە خانمش بێتە سەر ئەم ئاوازەی من... لە پڕ ژاڵە بە توركی لەسەر هەمان ئاوازی من دەستی پێكرد، ئەمان چ دەست پێكردنێك؟ بەڕاستی توركی یەكەی هەر

لەخۆی ئەهات! منیش بە کوردی وەری گەڕامێ.... بەڕاستی ئەمە لەو سەردەمەدا بۆ من سەرمایەیەکی گەورە بوو...
دەنگێکی وا خۆش و سەرکەوتنێکی وا گەورە و پێشکەوتنێکی وا بەپەلەبوو، کە بۆ کورد و تورکەکان بوو بە (گۆرانی ساڵ) و دوای بڵاوبوونەوەشی بووە مایەی ناوبانگ بۆ هەردووکمان.
من و ژاڵە خانم بووین بە ئاشنایەکی زۆر لەیەك نزیك... جارێ لێم پرسی:
ئەرێ تو خودا ژاڵە خانم پێم ناڵێیت خانمت بۆچی وا بێ قسە و سارد و بێ مەیل بوو لەگەڵ منا؟ باشە ئەو هەمموو نامە ناردنەی لەچی و ئەم کەم لوتفی یەی لەچی؟
ژاڵە خانم وتی (لەڕاستی دا ئاغای زیرەك بەپێی ئەم دەنگ و سەدایەت خانم پەیکەرەیەکی یوسفی کەنعانی لێ دروست کردبووی، بەڵام کە چاوی بەتۆ کەوت پێچەوانەی خەیاڵی ئەو هاتی یە بەرچاوی، بە چاوپێکەوتنێك هەموو کۆشکی خەیاڵاتیت بەسەر یەکدا ڕووخاند، شەو پێی ئەگوتم بریا ئەو نامانەم بۆ حەسەن زیرەك نەناردبا و نەهاتبا ئێرەو چاوم پێی نەکەوتبا و بۆ خۆم هەروەك جاران بە خەیاڵ بژیابامە).
منیش کردم بە پێکەنین و وتم: جا باشە لە خۆت ئەپرسم ژاڵە خانم تو خودا یەکجار وا ناشرینم کە خانمت ئاوا لێم بڕەوێتەوە؟؟!
ژاڵە وتی: وەڵڵا زیرەك تۆ ڕەنگ پیاو هەڵکەوتووی. جوانیش بۆ ژن هاتووە و، پیاویش پیاوەتی.
دیم بەم جۆرە ئەمیش هەر دڵم ئەداتەوە.
جا کاکە مەبەستم لەم هەموو قسەکردن و بەسەرهات گێرانەوەیە ئەمەیە کە من لە ژیانی خۆما لەم جۆرە شتانە ڕاهاتووم... ئینجا بۆ من عاجز مەبە و دڵگیر مەبە چونکە وەك لەمەوپێش گوتم من هەرچەند شتی وام بەسەر هاتبێ لەم بوارەدا ناوبانگێکی تازەم دەرکردووە.
دواجار میرزا کەریم دەڵێ : ئاوا بەم جۆرە لەگەڵ زیرەك ڕامان ئەبوارد.. ئەوان بۆ لای ئێمە ئەهاتن و ئێمە بۆلای ئەوان ئەچووین. خۆ ئەگەر ماوەیەکیش دیار نەبوا ئەوا بەخۆم لە چایخانەکە بۆلای ئەچووم.

خوێندەواری خۆشەویست و زیرەکدۆستی بەڕێز..ئێستا کە چیرۆکی ڕاستەقینەی چۆنیەتی تۆمارکردنی گۆرانی گوڵدر مانی گولدر ت لە زاری هونەرمەند حەسەن زیرەکەوە بیست ، واچاکە یەکێ لە خەیاڵی وگێرانەوەکانی تۆمارکردنی ئەم گۆرانیە ، کە لەوێدا دراوەتە پاڵ خانم فاتیمە زەرگەریش بخوێنینەوەو دوایی چیرۆکەکان بەراورد بکەین . ئەم چیرۆکە مامۆستای بەڕیز ( ئومێد نەجم ) دەیگێریتەوەو هێما بۆ هیچ سەرچاوەیەک ناکات وەک ئەو هەموو کلیپ و کۆلاج و تێکهەڵکێشکردنەی گۆرانی ( بێ دکتۆر دەواو دەرمان – گولدر مانی گولدر – پێیکەنە تابتبێنم ) کە وەک و گوتمان ئەم گۆرانیە بەم سێ ناوە ناسراوە ، هەروەک زۆر لە گۆرانیەکانی زیرەک زیاتر لە ناوێکیان هەیە ، ئەمەش تایبەتمەندیەکی تری گۆرانیەکانی زیرەکە ؛ ئەم چیرۆکە دروستکراوە ئێستا ئەوەندەی کلیپی جۆراو جۆر بۆ کراوە ئەوەندە بە سە لە یوتیوب بنووسی – بێ دکتۆر دەواو دەرمان - چەندین کلیپت بۆ دەردەکەوێ و هەموویان لەسەر ئەم چیرۆکە بێ بنەمایەوە دروستکراون ؛ ئەمەی خوارەوەش یەکێک لەو چیرۆکانەیە بە نووسراوی ، کە نووسەری بەڕێز (ئومێد نەجم )لە نێو وتارێکی درێژ دا وەک نموونە هێناویەتیەوە ، فەرموون ئێوەو گێرانەوەیەکی تری ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوەی گۆرانی بێ دکتۆر دەواو دەرمان ! کە دراوەتە پاڵ فاتیمە زەرگەری !!

**

<u>ئومێد نەجم</u>

<u>کورد بە هۆی حەسەن زیرەکەوە دەوڵەمەندترین نەتەوەیە لە میلۆدیدا</u>

---

فاتیمە زەرگەری کێیە ؟؟

ئەو کچەی گۆرانی ئازەریی لەگەڵ حەسەن زیرەك دەڵێت

لە شاری تەورێز و لە سەردەمی شادا، گۆرانیبێژێکی ئازەری بەناوی خانمی (زەرگەری ) کۆنسێرتێکی دەبێت، حەسەن زیرەك بەهەڵکەوت دەچێتە ئەو شارە و ئەو کۆنسێرتە، هۆڵ پڕ دەبێت، زەرگەری ئاهەنگێك بەناوی ( گولدر مەنی گولدر) پێشکەشی خەڵکەکە دەکات، کارەکە دەیگرێ و خەڵکەکە زۆری چەپڵە بۆ لێدەدەن و تکادەکەن ئەم گۆرانییە دووبارە بکاتەوە، خانم زەرگەری دەڵێت (ئیزن بدەن دوای پشوویەك دێمەوە سەر سەکۆ) خانم زەرگەری بەرەو هۆڵی حەسانەوە دەڕوات، حەسەن زیرەك بە جلوبەرگی کوردییەوە بەشوێنی دەکەوێت و لەبەردەمی دەچەقێت.
خانم زەرگەری دەڵێت: فەرموو چ کارێکت هەیە ؟

حەسەن زیرەك: خانم دەمت خۆشبێ، دەمەوێت ئیزن بدەی کە هاتییەوە سەر سەکۆ ئەم ئاهەنگەت بە کوردی لەگەڵ بەڕێوەببەم.
خانم زەرگەری: ئەم ئاهەنگەت لەکوێ بیستووە ؟

حەسەن زیرەك: تەنها لەتۆ و هەر ئەمڕۆ.

خانمی زەرگەری: چۆن شتی وادەبێت؟ من لانی کەم مانگێکە مەشقی لەسەر دەکەم !
حەسەن زیرەك: (یەزد دوورە و گەز نیزیك)، پێدەچێت ئەو وەڵامەی زیرەك پەندێکی پێشنینان بێت و پێی گوتبێت (ئەوە عەرز و ئەوە گەز) دڵنیابووە لەخۆیی و ئەوەی نیشانداوە تاقیم بکەرەوە و دەتوانم لەگەڵتدا ئەو گۆرانیە بخوێنم، تۆ بەئازەری و منیش بە زمانە شیرینەکەی کوردی.
خانمی زەرگەری: نمونەیەکم بۆ بڵێ !

حەسەن زیرەك یەك دوو بەندی بۆ دەڵێت و سەربەندەکەی دەکاتەوە ئازەری،
خانم زەرگەری: تۆ کێی؟

حەسەن زیرەك: حەسەن زیرەك

خانمی زەرگەری زۆری ڕێز و حورمەت دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیباتە سەر سەکۆی ئاهەنگ و تێر و تەسەل ئاهەنگەکە بە ئازەری و کوردی دەڵێن.

که خەڵکەکە دەزانن ئەو کوردە حەسەن زیرەکە، هێندەی دیکە چەپڵەڕێزان دەکرێن، پاش یەك دوو ڕۆژ ئەو گۆرانیە دەکرێتە قەوانی گرامافۆن و بە تەواوی ئێراندا بڵاودەبێتەوە، ئەو قەوانە یەکێك لە پرفرۆشترین کارەکانی ئەو دوو گۆرانیبێژە بوو. هونەرمەند حەسەن زیرەك چەشنێك بلیمەتی تێدابووە.

چەند پرسیارێک..

چەند پرسیارێک لە بارەی پێکەوە گۆرانی گوتنی زیرەک و فاتیمە ؟!

هەواڵی ئەو گۆرانیەی کە – گوایە – زیرەک و فاتیمە زەرگەری پێکەوە گوتوویانە ! بۆچی لە هیچ میدیاو ڕۆژنامەیەکی ئەو وەختەو دواتریش بڵاو نەکراوەتەوە بۆ ئەوەی کەسێک لەو بەڕێزانەی کە باسی ئەم چێرۆکە دەکات ، هێمابۆ سەر چاوەیەک بکات ؟ لە کاتێک دا ئەو وەختە هێندە دوور نیە ؛ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو وێنە گرو ڤیدیۆ هەبووەو زۆریش بووە ، لە ئاهەنگی وا دەشێ کەسانێک هە بووبن کامیرای کەسی خۆیان هە بوو بێت و وێنەی کەسەکان ، بەتایبەت هونەرمەندەکان بگرن ! بۆچی هیچ شتێک لەوانە دەسناکەوێ !؟ لە کاتێک دا هەواڵی گوتنی گۆرانی خانم ژاڵە لە خودی زیرەکەوە دەخوێنینەوە .

پرسیارەکان ..

یەکەم: کەس نازانێ ئەم ڕووداوە لە چ ڕۆژێکەو لە چ مانگێک و چ ساڵێک بووە؟

دووەم : هیچ ڕۆژنامەیەک ئەم هەواڵەی بڵاو نەکردووتەوە !

سێیەم : هیچ وێنەیەکی فۆتۆگرافی زیرەک و فاتیمە پێکەوە نیە !

چوارەم : هیچ ڤیدیۆیەکی زیرەک و فاتیمە نیە کە پێکەوە گۆرانییان گوتبێ !

پێنجەم : کەس ناوی ئەو هۆڵە نازانێ کە – گوایە – ئاهەنگەکەی تێدا گێڕدراوە !

شەشەم : لەو سەتان و هەزارەی کە لە هۆڵە کە بوون کەسێک چ کورد چ ئازەری و ترک چ فارس باسی ئەم ڕووداوە ناکات !

حەوتەم : هەموو ئەوانەی کە باسی چیرۆکی حەسەن زیرەک و فاتیمە زەرگەری دەکەن و کلیپی بۆ دەکەن کوردن ، هیچ تورک و ئازەری و فارسێکی تێدا نیە !کەواتە چێرۆکەکە بە تەنیا خەیاڵی کورد دروستی کردووە !

هەشتەم : ئەوە حەسەن زیرەک خۆی دەڵێ ساڵێ ١٩٥٩ لە تەورێز ئەم گۆرانیەم لە گەڵ ژاڵە تۆمارکرد ، ئەی ئەوەی فاتیمە زەرگەری و حەسەن زیرەک چ ساڵێک تۆمار کراوە ؟ کەس باسی نەکردووە !!

ئەم پرسیارانە کە وەڵامەکانیان دەسناکەون .. ئەوە دەسەڵمێنن کە چێرۆکی گۆرانی گوتنی هونەرمەند حەسەن زیرەک و هونەرمەند فاتیمە زەرگەری ، چێرۆکێکی خەیاڵی و دروستکراوە !!

چەند ڕاستیەک..

چەند ڕاستیەک لە ڕووداوی ڕاستەقینەی پێکەوە گۆرانی گوتنی خاتوو ژاڵەو حەسەن زیرەک دا ..

یەکەم : گۆرانیەکە لەساڵی ١٩٥٩ دا گوتراوە .

دووەم : شوێنە کە شاری تەبریز بووە.

سێیەم : شوێنی تۆمارکردنی گۆرانیەکە شوێنی نەوارفرۆشی بووە بەناوی (ئاواز ) و خاوەنەکەی ناوی فەرەیدوون بووە .

چوارەم ؛ فەرەیدوون بە عودی خۆی مۆسیقای بۆ گۆرانیەکە لێداوە .

پێنجەم : هونەرمەندە کچە کە خاتوو ( ژاڵە ) ی کارەکەر بووە و یەکەمین جار بووە گۆرانی تۆمار بکات ، بەتایبەت لەگەڵ کەسێکی وەک زیرەک دا.

شەشەم : حەسەن زیرەک خۆی باسی  چۆنیەتی تۆمار کردنی ئەم گۆرانیە  دەکات .
حەوتەم : زیرەک خۆی باسی چۆنیەتی ئاواز دانان و چۆنیەتی دروستبوونی گۆرانیەکە دەکات .
هەشتەم : زیرەک خۆی دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ کە لەگەڵ ژاڵە پێکەوە بە کوردی و تورکی گۆرانیەکی سەرکەوتوویان گوتووە .
نۆیەم : لە سایتی ( hos.fun٧٠ ) لە باسی گۆرانی ( بەردە بەردە ) نووسراوە ئەم گۆرانیە حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی تاران لە گەڵ( فاتیمە زەرگەری ) گوتوویەتی ، لە کاتێک دا تەواوی گۆرانیەکە کوردیە !! لیرە چیڕۆکێکی تر بۆ حەسەن زیرەک و فاتیمە زەرگەری دروستکراوە !؟ بە داخەو  هێندەی من ئاگادار بم تا ئێستا هیچ کەسێک  لەوانەی لە رادیۆی تاران بوون و ئاگادارن ، باسی کارێکی ئاوایان نەکردووە !؟
دەیەم : ژاڵە خانم هێندەی من بزانم ، چ لە پێش ئەم گۆرانیەو  چ لە دوای ئەو گۆرانیەی لە گەڵ زیرەک پێکەوە گوتوویانە هیچ گۆرانیەکی تری بڵاو نە بووەتەوە ! بە داخەوە لەم گۆرانیەش دا – بێ دکتۆر دەواو دەرمان – ژاڵە خانم ناوی نەهاتووەو بەڕای من هەر ئەو ناو نە هاتنەش ڕێگای بۆ هونەرمەندێکی ناوداری وەک فاتیمە زەرگەری خۆش کردووە ، وا بە ئاسانی  لە چیڕۆکێکی هەڵبەستراو جێگای هونەرمەند ژاڵە بگرێتەوە .
یازدەهەم : گومانێکم بۆ ئەوە دەچێت ! کە فاتیمە زەرگەری هەمان خاتوو ژاڵە بێت ، پاش ئەوەی لەگەڵ زیرەک گۆرانیەکەی تۆمار کردووە و سەرکەوتوو بووە ، چوو بێتە ڕادیۆی تەورێزو لەوێ بوو بێت بە گۆرانیبێژی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی تەورێز !!؟ زۆر بەدوای ژیانی فاتیمە زەرگەری دا گەڕام ..بەداخەوە هیچم دەسنەکەوت .

شیکردنەوەی هەردوو چیرۆک پێکەوە ..
چیرۆکی خاتوو ژاڵە کە هونەرمەند حەسەن زیرەک بۆ میرزا کەریمی گێڕاوەتەوە ، چیرۆکێکی ڕاستەقینەیەو گومان هەڵناگرێ ؛ چۆن زیرەک زۆر چیرۆکی تری ژیانی خۆی بۆ میرزا کەریم گێڕاوەتەوەو ئەویش بڵاوی کردوونەتەوە ، لە چیڕۆکە کەدا – هۆ -و - شوێن - و - کات - و –کەسەکان - و -چۆنیەتی تۆمارکردن – ی گۆرانیەکە بە جوانی باسکراوە .
لە چیڕۆکی فاتیمە زەرگەری دا لەوێش چیرۆکەکە لە گەڵ کەسایەتی و ژیانی زیرەک گونجێندراوە ، کە ئەو دەستەو ڕستی و لێهاتوویی زیرەک  هونەرێکی بەردەوامی زیرەکەو زۆر جار کەسانی نزیک لە زیرەک باسیان کردووە ، بۆ نموومە هونەرمەندی گەورەو مۆسیقا ژەنی ناودار ( موجتەبای میرزادە )  زۆر جار گێڕاویەتیەوە کە لەگەل هونەرمەند حەسەن زیرەک پرۆڤەی گۆرانیەکیان کردووە ؛ کە چوونەتە نیو ستۆدیۆ بۆ تۆمار کردن ، زیرەک داوای لە موجتەبا کردووە ، گۆرانیەکی تازەی بە شیعرو ئاوزەوە بۆ هاتووە ، پیویستە ئەو گۆرانیە تازەیە تۆمار بکەن ، موجتەبا دەڵێ بە ناچاری بە قسەی زیرەکمان دەکرد ، دواجار زۆر سەرکەوتووش دەبووین ! هەروەها مامۆستا (هەژاری موکریانی )نووسەری ناوداری کورد دەگێڕیتەوە ، کە من ئەمەم لە زاری نووسەری گەورەی کورد مامۆستا ( محەمەدی ڕەمەزانی ) بیستووتەوە ، هەژار فەرموویەتی : ( لە بەغدا بووم و ستۆدیۆی وێنە گرتنم هەبوو ، دەفتەرێکی گەورەم بە تایبەت بۆ زیرەک کڕی بوو ، کە زۆر جار دەهات شیعرو گۆرانیەکانم بۆ دەنووسیەوە ، جاری وا هەبوو زیرەک بە یەکجار دە پازدە گۆرانی و ئاوازی دە هێنا !) ئەمە  دەری دەخات کە زیرەک لە دەم و دەست گوتنی گۆرانیدا بێ وێنە بووە ! زۆربەی گۆرانیەکانیشی هەر بەو دەم و دەستە گوتووە ؛ هەر بۆیە  زوو گوتنی – ئەگەر گوتبیتی !!- زیرەک لە گەڵ فاتیمە زەر گەری کارێک نیە لە توانای زیرەک بە دوور بێت ، بەڵام ، بێ بەڵگەیی ئەم ڕووداوە  وەکو پێشتر پرسیارمان لە بارەوە کرد ، وامان لێدەکات و کە زەنمان بۆ ئەوە بچێ چیرۆکی ژاڵەی کچە تورک و کارەکەری ماڵان ، بە گۆڕانکاریەوە دراوەتە پاڵ فاتیمە زەر گەری ! بە گریمانەیەک..ئەگەر ڕیکەوتبێ لە سێناریۆیەکی ئاوها زیرەک و  فاتیمەزەرگەری گۆرانیان پێکەوە گوتبێ ؟ ناکرێ ئەو گۆرانیە

گولدر مانی گولدر یان بێ دکتۆر دەواو دەرمان بێت ! چۆن ئەوەته زیرەک خۆی دەڵێ ئەو گۆرانیەمان لە گەڵ خاتوو ژاڵە پێکەوە تۆمار کرد و سەرکەوتنێکی گەورە بوو ئەوکاتە بۆ ئێمە و بوو بە گۆرانی ساڵ !

پرسیارێکیش سەبارەت بە خاتوو ژاڵە ئەوەیە ، ئەی بۆچی ئەویش هیچ وێنەیەکی لەبەردەست نیە ؟! لە کاتێکدا ئەو شوێنەی گۆرانیەکەی تێدا تۆمار کراوە خۆی تۆمارگا بووە ، ئەو جێگایەش کە گۆرانی تێدا تۆمار کرابێ ، دەکرێ کە کامیرای بە هەردوو جۆریەوە تێدا هە بوو بێت و دوور نیە وێنەشیان گیرابێت ، چ لە کاتی گۆرانی گوتندا چ وێنەی یادگاری !؟ من بۆ ئەوە دەچم کە ئەو خاتوونە بەڕێزە کچە چۆن هەژارێکی کارکەر بووە لە ماڵان ! کە دەکرێ هۆی بڵاو نە بوو نەوەی وێنەو ناوەکەی ئەمە بێت و بە گونجاویان نەزانیبێ کە وێنەی ژاڵە خانم بڵاو بکەنەوە ، وەک ئەوەبی زیرەک ناوی ئەو ژنەی بڵاو نەکردووتەوە کە نامەی ئاگراوی بۆ نووسیبوو ، کەچی دواتر کە زیرەک دەبینێ ڕای دەگۆڕێ و بەساردی پێشوازی لیدەکات ؟! هەروەها ..ئایا (ژاڵە)ش ناوی ڕاستەقینەی ئەم کچە بوو ؛ یان ئەمە ناوێکی خوازراوە؟ ! بەداخەوە لە تۆمارکردن و بڵاو بوونەوی گۆرانیەکەش ناوی ژاڵەی هونەرمەند نەهاتووە و تا ئێستاش وێنەیەکی لەگەڵ زیرەک بڵاو نەکراوەتەوە !!

لە کۆتایی دا لە ئەنجامی پرسیارو شیکردنەوەکان بۆمان دەرکەوت ، کە تۆمارکردنی گۆرانی بێ دکتۆر دەواو دەرمان – گولدر مانی گولدر – لە لایەن زیرەک و ژاڵە ڕاستیەکی گۆمان هەڵنەگرە و چێڕۆکی فاتیمە زەرگەریش چێڕۆکێکی هەڵبەستراوە و هیچ وێنەو ڤیدیۆ و هەواڵێکی ڕاست پشتگیری ناکات و وەک ئەوەی زیرەک باسی ژاڵە دەکات ، لە هیچ جێگایەک باسی فاتیمە زەرگەری نەکردووە !!

دوا جار بە پێویستی دەزانم.. تکا لە برا ڕۆژهەڵاتیەکانم بکەم ، کە ئەگەر هەر هەواڵێک لە خاتوو ( ژاڵە )وە دەزانن بڵاوی بکەنەوە ، چۆن حەیفە هونەرمەندێکی ئاوا دەنگخۆش ناو بزر بێت و کەس نەیناسێ ؟! من لام وایە ئەگەر بەڕێزێک سۆراغی ( ستودیۆی ئاواز) بکات و بە دوای خاوەنەکەی کە ناوی ( فەرهاد ) ەو هونەرمەند بووە بگەڕێن ، لە شاری تەورێز ! دوور نیە وێنەی ژاڵەو زیرکی لەوێ دەسکەوێ ، بەچاکی دەزانم ئەو بەڕێزانەی کلیپی گۆرانی ( بێ دکتۆر دەواو دەرمان ) یان بە ناوی زیرەک و فاتیمە زەرگەری بڵاوکردووتەوە، ئەو کلیپانە بگۆڕن و ناوی ( ژاڵە خانم ) ی بخەنە سەر .



وێنەکان :-
١-وێنەی فاتیمە زەرگەری
٢-وێنەی حەسەن زیرەک
٣-چەند ووینەیەکی ئەو کلیپانەی چەندان کەس بە شێوازی جیا جیا بۆ گۆرانی بێ دکتۆر دەواو دەرمانیان دروست کردووە .




فاطمه زرگری
حسن زیرک
«گولدور»
Subscribe


Hassan Zirak


فاطمه زرگری
حسن زیرک
«گولدور»


YouTube
Search
فاطمه زرگری
لیلا
Reza Babaei Rikan
Subscribe